بەشى دووەم

# زاناى فەرمووده‌ناس
# ئيمام مسلم

(مسلم)ناوى:مسلم ى كوڕى حجّاج ى كوڕى مسلم ى كوڕى وەردى كوڕى شاذى قوشەيرى نەيسابوريە . ناسراوە بە (أبو الحسين) .

لە ساڵى (٢٠٤)كۆچى لەدايك بووە بەرانبەر (٨٢٠) زا يينى . هەر لە مناڵيەوە لەشارى نيسابور گەورە بووە . بەكاروبارى بەزازى و قوماش فرۆشيەوە سەر قاڵ بووە .

ئيمام مسلم هەر لە مناڵيەوە هەر وورد دەبويەوە لەزانايان و زانست و زانيارى چوو بوو بەدڵدا . بەردەوام لە هەوڵى ئەوە دابوو چۆن و لە كوێوە دەست پێبكات و بەژدارى كۆڕو كۆبونەوەى زانايان و حەلەقەى دەرسەكانيان بكات و زانست و زانياريان لێوە فێر ببێت .

يەكەم جار كە بەشدارى كۆڕى زانايان و مامۆستايانى كرد لەتەمەنى (١٨) ساڵيدا لە كۆڕى (يحيى بن يحيى التميمى) بوو . پاشتر لەتەمەنى (٢٠) ساڵيدا و لەتەمەنێكى گەنجيدا بەرەو ماڵى خوا بەڕێ دەكەوێ بە مەبەستى حەجى ماڵى خوا .

لەگەڵ گەڕان بەدواى عيلم و زانست و زانيارى دا مسلم خاوەنى تيجارەت و كەسابەت بووە . يەكێك بووە لە دەوڵەمەندەكانى نەيسابور وەهەروەها ئيما مسلم يارمەتى هەژارانى زۆر داوەو دەستى فەقيرانى گرتووە تاواى لێ هاتبوو ناويان نابوو (محسن النيسابور) .

# مامۆستاكانی مسلم و گەشتەكانی

مامۆستاكانی ئيمام مسلم زۆر بوون ئەوانەی ژياننامەی ئيماميان نوسيوه دەفەرموون ئەگەر بمانەوێ ئەو مامۆستايانەی مسلم لێوەيان فێر بووه كۆبكەينەوه ئەوا پێويستمان بەدەيان كاغەز دەبێت .

ئيمامی زەهەبی دەفەرموێ (مامۆستايانی ئيمام مسلم زياتره لە (٢٢٠) كەس كە فەرموودەی لێوه وەرگرتون) .

ئەوەی دەردەكەوێ ئيمام مسلم لەتەمەنی (٢٠) ساڵيدا كۆچ و گەشتی كردووه بەمەبەستی زانست و زانياری . زۆرينەی زانايان دەفەرمون لەوانە بووه كە رۆژهەڵات و رۆژئاوای دەوڵەت و خەلافەتی ئيسلامی بگەڕێت لەو شوێنانه (خراسان – حيجاز – مەككە – مەدينه – ميصر – عێراق – رەيی – كوفه – بغداد – بوخاری –سمرقند – نيسابور – شام – )هتد .!!

لەمامۆستا گەورەو بەناوبانگەكانی ئيمام مسلم ئيمام بوخاری و : – (يحيحی بن يحيحی التميمی – احمد بن حنبل – قتبه بن سعيد – ئەحمەدی نيسابوری – ئەبوزەرعه – عبدالرحمن ابو حاتم – عبدالله ی كوڕی مەسلەمەی القعبنی – ئيسحاق بن راهويه – يحيی بن معين – اسماعيل بن أبی أويس – ابی بكر وعثمان ابنی شيبه – عبدالله بن أسماء – شيبان بن فروخ – حرملة بن يحيی صاحب الشافعی – محمد بن مهران – محمد بن عمر – محمد بن المثنی – محمد بن يسار .... هتد) ... و چەندەهای تر لە زايان و پێشەوايان .

# قوتابیەکانی ئیمام مسلم

دوای ئەوەی ئیمام مسلم شوێنی خۆی لە زانستی فەرمووده دا کردووە ئیمام مسلم لەو هەموو گەشت و زەحمەتانەی کە چەشتی لەرێی پەیداکردنی عیلمیدا . ئەمیش بە ئەمانەتەوە مەشخەڵی زانستی تەسلیم بە چەندەها قوتابی و شاگردی دوای خۆی ئەوانیش دڵسۆزانە پەیامەکەی ئیمام یان گەیاند . لەو قوتابیانە : -

١- (أبو عیسای ترمذي) خاوەنی (الصحیح) .
٢- (ئەبو بکر ی کوڕی خوزەیمە) ناسراو بە (امام الأئمة) .
٣- (ئەبو عوانە ئیسفراینی) خاوەنی (الصحیح) .
٤- (أبو حاتم الرازی) .
٥- موسی بن هارون .
٦- أحمد بن سلمة .
٧- یحیی بن صاعر .
٨- محمد بن مخلد .
٩- محمد بن عبدالوهاب الفراء .
١٠- (محمد بن إسحاق بن السراج ) ناسراوە بە (أبو عباس) .
١١- (أحمد بن حمدون الأعمش ) ناسراوە بە (أبو حامد) .
.......... و چەندەهای تر .

# زانستى ئيمام مسلم

پێشەوا مسلم لە سەرەتا ى ژيانى منالێيەوە . هەتا دوا ڕۆژەكانى ژيانى بۆ فێر بوونى زانستى فەرموودە تەرخان كرد . ئيمام مسلم ئەوەندەى گرنگى داوە بە فێر بوونى عيلمى حديث . ئەوەندە گرنگى نەداوە بە فێر بوونى زانستەكانى تر وەكو فيقە و تەفسيرو زمانەوانى هەر چەندە ئيمام شارەزاييەكى زۆر و باشى هەبووە لەم زانستانەدا . بەڵام ئەوەندەى لە زاستى فەرموودەدا هەڵ كەوتوو بووە لەو زانستانەى تردا وانە بووە .

بەشێوەيەكى گشتى لەم زانستانەدا سوارچاك و پسپۆر بووە ! -

١- زانستى فەرموودە / ئيمام مسلم سوارچاكى ئەم مەيدانە بووە بەڵگەشمان لەسەر ئەمە كتێبەكەيەتى (صحيحى مسلم) كە دووەمين سەرچاوەى گرنگى فەرموودەيە زۆر سەير نيە كە (١٥) ساڵ خەريكى فەرموودەكانى پێغەمبەر (ﷺ) بو بێت .وە هەروەها كتێب (المعرفة) ى ئيمام مسلم شاكارێكى تريەتى لەم بوارەدا .

٢-زانستى پياوانى فەرموودە : ئەم زانستە بناغەى زانستى فەرموودەيە چونكە هەتا بتوانن ڕشتەى سەنەدى فەرموودەكان ديارى بكەن ئيمام مسلم زۆر شارەزا بووە لەم بوارەدا هەروەك لەم بارەشەوە كتێبى (مسند الكبير) ى داناوە .

٣-زانستى (جرح وتعديل) ئەم زانستە تايبەتە بە جياكردنەوەى (سيقە)و لاوازەكان هەروەك لە پێشەكى صەحيحەكەيدا لەم بارەوە نووسيويەتى . هەروەك كتێبى(التميز)ى نوسيوە لەم بارەوە .

٤-زانستى عيللەت / ئيمام مسلم يەكێكە لەو زانا بليمەتانەى كە شارەزايى زۆر تەواوى هەبووە لەم بارەوە چەندەها كتێبى لەم بارەشەوە نوسيوە گرنگترينيان كتێبى (العلل) و (ذكر أوهام للمحدثين)ە .

# كتێبەكانی ئيمام مسلم

ئيمـام مسـلم چـەندەها كتێبـی بەكـەڵكی نوسـيووە و بـەجێی هێشـتووە بـۆ نـەوەكانی دوای خـۆی . ئەمـەش جێـی خـۆش حـاڵی قوتابيـان و زانايـان و دۆستانی زانستی فەرمودەيە.

لەنوسراوەكانی ئيمام مسلم ئەمانەن:-

١-(الصحيح المسلم) ٢-مسند الكبير ٣- التمييز .

٤- الطبقات التابعين ٥- المخضرمون ٦- العلل ،

٧- المعرفة ٨-ذكر أوهام المحدثين ٩- مسند الحديث مالك ،

١٠- الأسماء والكني أربعة اجزاء ١١-مشايخ مالك بن انس ،

١٢- سؤلاة أحمد بن حنبل ١٣- الارتفاع بأهب السباع

١٤- مشايخ الشعبة .

و چەندەها نوسراوی تر .

# الصحيح ی ئيمام مسلم

زانايان لەسەر ئەوە كۆكن شوێن و پلە و پايەی مسلم لە پايە بەرزان و گەورە بەڕێزەكانە و يەكێك بووە لە پێشەوايانی لەبەر كردن كۆكردنەوەو هەڵ بژاردنی فەرموودەدا .

هـەر كەسـێ بـە چـاوێكی ڕاسـتگۆيانەوە بڕوانێتـە صحيحـی مسـلم و لێيـان بكۆڵێتـەوە وورد بێتـەوە لـەڕوی ڕێكخسـتن و داڕشتن و ڕێگـە تايبەتيـەكانی بـۆ گەڕان و پوختەكردن و شێوازە جوانەكەی بۆ زوو تێگەيشتن و فەهم كردنيـەوە لەڕوی بابەتی و ناونيشانەكانيەوەوا بۆی دەرئەكەوێت كە بەڕاستی پێشەوايەو كەس لەدوای ئەوەوە وەك ئەو نەی توانيوە بكات و كـەس نـەبوە لەسـەردمی خۆيدا كە شان بدات لە شانی .

ئەوەی ئاشكرايە ئيمام مسلم صحيحەكەی بەماوەی (١٥) ساڵ كۆكردۆتەوە هەروەك (شيخ محمد ماسر) دەفەرموێ:(گوێم لە ئيمامی مسلم بوو دەی فەرموو : - ئەم صحيحەم لە كۆی (٣٠٠ ٠٠٠) فەرموودەی كۆكراوە گوڵ بژێر كردووە) هەروەها(أحمد بن سلمة) دەفەرموێ:(لەگەڵ مسلم دا بووم ماوەی (١٥) ساڵ خەريكی نوسينەوەی صحيحەكەی بوو پاشان گوڵ بژێری كرد لە (١٢٠٠٠) فەرموودەی دوبارەدا ) .

هەروەها ئيمامی زەهەبی دەفەرموێ:(فەرموودەكانی ئيمام مسلم بەبێ دوبارە بونەوە (٣٠٣٣) فەرموودەيە) .

هەروەها ئيمام مسلم خۆی دەفەرموێ:(لە موسنەدەدا هيچ فەرموودەيەكم بێ بەڵگە دانەناوەو هيچ فەرموودەيەكيشم بێ بەڵگە لێ لانەبردووە ، وە ئەم كتێبەم خستە بەر دەستی (ئەبو زەرعە)ی زانا هەر فەرموودەيەك ئەو ئاماژەی كرد بێت بە عيللەت و ناتەواوی تيايدا لام بردووە هەر فەرموودەيەكيش بەڕاستی زانيبێت هێڵاومەتەوە) . وە هەروەها دەفەرموێ:(ئەگەر ئەهلی حەديس دووسەد ساڵ فەرموودە بنوسنەوە بێ نياز نابن و هەر پێويستيان بەم مەسنەدە ئەبێت) ... !!

(حافظ بن مرة )دەڵێ گوێم لێ بوو (أبا علی نيسابوری حافظ) دەیفەرموو:(نيە لە ژێر هەوری ئاسمانەكاندا صحيح تر بێت لە صحيحی مسلم) .

## ستایشی زانایان و شایەتی پێشەوایان

ئیمام مسلم گەیشتۆتە ئەو پلەو پایەی کە ڕێژەیەکی کەم لە زانایان پێی گەیشتوون و زانایان زۆریان لەبارەی ئیمام مسلمەوە ووتووە لەوانە : -

١. مامۆستای مسلم (اسحاق کوسج) فەرمویەتی (مسلم لە خێر بێ بەش نابین هەتا خوای گەورە تۆ بهێڵێت بۆموسڵمانان) .

٢. (ئەبو یەعلای خەلیلی) دەفەرموێ (مسلم لەوە مەزنترە کە چاکەکانی باس بکرێت) .

٣. (صنعانی)دەفەرموێ (مسلم یەکێکە لە پێشەوایانی دنیا) .

٤. (محمد بن بشار) دەفەرموێ:(ئەهلی فەرموودەو حوفاضی فەرموودە چوار دانەن ١- أبو زرعە لە شاری رەی ٢- دارمی لە سمرقند ٣- محمد بن إسماعیل لە بوخارێ ٤- مسلم لە نیسابور).

٥. (ابن عماد الحنبلی) دەفەرموێ (مسلم یەکێکە لە پێشەوایانی ئەهلی حەدیس و بەناوبانگەکانی زانایانی فەرموودە) .

٦. (ابن الجوزی) دەفەرموێ (مسلم یەکێکە لە گەورە زانایان و شوێن کەوتوانی فەرموودە) .

٧. (ئیمامی زەهەبی ) دەفەرموێ (مسلم یەکێکە لە ئەهلی حەدیس و کۆڵەکەکانی فەرموودە و خاوەنی کتێبی (صحیح) ە) ..

فەرموودەکان لەبارەی ستایشی ئیمام مسلم زۆرن لەوانە (زهبی لە سیر إعلام النبلاء دا - الخطیب البغدادی لە تأریخ دا - المذی لە تهذیبدا) ..... هتد .

# کۆچی دوایی ئیمام مسلم

ئیمام مسلم ژیانێکی ڕازاوە بە عیلمزانست بەسەر برد هەر لەو کاتەی بەژداری یەکەم کۆڕی زانایان دەبێت تا هەوڵ دان و تێ کۆشان و گەڕان و فێر بوون و گەیاندن و بڵاوکردنەوەی .

ئەوەی لەبارەی کۆچی دوایی (مسلم)ە وە دەگێڕانەوە ئەوەیە :- (ڕۆژێك ئیمام مسلم لەکۆڕێکدا فەرموودەیەکی لێ دەپرسن و نایزانێت پاشتر دەگەڕێتەوە ماڵەوە دەرگا لەسەر خۆی دادەخات و دەڵێت کەس نەیەتە ژوورەوە پێی دەڵێن پوشێك خورمامان بۆ هاتووە ئەفەرموێ بیهێنن . ئینجا دەست دەکات بە گەڕان بەناو کتێبە فەرموودەکانداو دەنك دەنکیش خورما دەخوات تا وای لێ دێت کاتێ فەرموودەکە دەدۆزێتەوە خورما نامێنێت و پوشە خورماکە تەواو بووە هەر بۆیە بەو هۆیەوە نەخۆش دەکەوێ و دەبێتە هۆی وەفات کردنی).

سەبارەت بە ڕۆژی وەفات کردنەکەی لەڕۆژی یەك شەممە (٢٥یاخود ٢٦) مانگی(رجب)ی ساڵی (٢٦١)ی هجری بەرانبەر ساڵی (٨٧٥) ی زایینی لە گوندێك لەدەرەوەی شاری نیسابور بەناوی (نصر آباد) وە مردووەو هەر لەوێش نێژراوە .

ئیمام مسلم ڕەحمەتی خوای لێ بێت دوای تەمەنێکی بەفەڕوو بە بەرەکەتی (٥٥) ساڵی گیانی پاکی لەشەقەی باڵی داو بەرەو لیقای خوای پەروەردگار کەوتە ڕێ .

(خوای گەورە لێی خۆش بێت و جەزای خێری لە جێی موسڵمانان بداتەوە)
(رحمه الله وجزاه خيراً)